# چیرۆکی کوڕە منداڵێک لەگەڵ پادشا وساحیر وخواناسێک

لە سوهەیبی کوڕی سینانی ڕومیەوە -ڕەزای خوای لێبێت- کە پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «لەوانەی پێش ئێوە پادشایەك هەبوو، کە جادووگەرێکی هەبوو کاتێک جادووگەرەکە پیر بوو بە پادشای ووت: من بەتەمەن بووم منالێکم بۆ بنێرە با فێری جادووی بکەم، ئەویش منداڵێکی بۆ نارد تا فێری بکات. لە ڕێگاکەیدا (ڕێگای کوڕە منداڵەکەدا) کە هاتوچۆی پێدا دەکرد، خواناسێکی گۆشەگیر هەبوو کوڕە منداڵەکە لە لای دادەنیشت، وگوێی لە قسەکانی ڕادەگرت وپێی خۆش بوو، جا کاتێک دەچوو بۆ لای جادووگەرەکە بە لای خواناسەکەدا دەڕۆیشت و لای دادەنیشت، و دوا دەکەوت لە چوون بۆ لای جادووگەرەکە، بۆیە (بەهۆی دواکەوتنەوە) جادووگەرەکە لێیدەدا، منداڵەکە سکاڵای ئەمەی لای خواناسەکە کرد، ئەویش ووتی: ئەگەر لە جادووگەرەکە ترسای بڵێ: لە ماڵەوە دوایان خستم، کاتێکیش لە ماڵەوە ترسایت بڵێ جادووگەرەکە دوای خستم، لەکاتێکدا ئەو لەسەر ئەم حاڵە بەردەوام بوو ڕۆژێکیان هات بەسەر ئاژەڵێکی دڕندەی زل کە ڕێی لە خەڵکی گرتبوو، ووتی: دەبێ ئەمڕۆ بزانم، ئایا جادووگەرەکە باشترە یان خواناسەکە؟ بەردێکی هەڵگرت و ووتی: خوایە ئەگەر کردەوەی خواناسەکەت لا خۆشەویسترە لە کردەوەکانی جادووگەرەکە، ئەم ئاژەڵە بکوژە تا خەڵکی دەربازیان بێت، بەردەکەی تێگرت و ئاژەڵەکەی کوشت و خەڵکەکە دەربازیان بوو، ئینجا هات بۆلای خواناسەکە و ئەمەی بۆ باسکرد، کابرای خواناس پێی ووت: ئەی کوڕی خۆم، ئەمڕۆ تۆ لە من باشتری، کارت گەیشتۆتە ئەو ڕادەیەی کە من دەیبینم، دڵنیابە تۆ تووشی گیروگرفت دەبیت، ئینجا ئەگەر تووشی کێشە بوویت، هەواڵ سەبارەت بە من نەدەیت، ئەمە ومنداڵەکە وای لێهاتبوو کوێری زگماگ وبەڵەکی چاك دەکردەوە و دەرد و نەخۆشییەکانی دیکەیشی چارەسەر دەکرد، هاودەمێکی پاشا کە کوێر بوو ئەمەی بیست، بە خەڵات و بەراتێکی زۆرەوە هات بۆ لای، و ووتی: هەموو ئەم دیاریە بۆ تۆ ئەگەر چاکم بکەیتەوە. ئەویش ووتی: خۆ من کەس چاك ناکەمەوە، بەڵکو هەر تەنها خوای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەگەر تۆیش باوەڕ بە خوا بهێنیت، داوات بۆ دەکەم خوای گەورە چاکت بکاتەوە، ئەویش باوەڕی بە خوا هێنا و خوای گەورە چاکی کردەوە، هاتەوە بۆ لای پادشا و لە لای دانیشت هەروەك چۆن لەپێشدا دادەنیشت، پادشا پێی ووت: کێ چاوی پێدایتەوە؟ ووتی: پەروەردگارم، (پادشا) ووتی: بۆ پەرەردگارێکی ترت هەیە جگە لە من؟ ووتی: پەروەردگاری منیش و تۆیش هەر خوایە. ئەویش گرتی و دەستی کرد بە ئەشکەنجە دانی تاوەکو خەبەری لە منداڵەکە دا، ئینجا منداڵەکەیان هێنا، پادشا پێی ووت: کوڕە بچکۆلەی خۆم، لە جادووگەرییدا گەیشتوویتە ئاستێك کە کوێر وبەڵەکی چاك دەکەیت، وئەوە وئەوە دەکەیت، (کوڕە منداڵەکە) ووتی: من کەس چاك ناکەمەوە، تەنها هەر خوای گەورە خەڵکی چاك دەکاتەوە، ئەویشی گرت و دەستی کرد بە ئەشکەنجەدانی، تا (منداڵەکە) هەواڵی دا سەبارەت بە کابرای خواناس، خواناسەکەیش هێنرا پێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز ببەرەوە، ئەویش ڕازی نەبوو، (پادشا) بانگی کرد هەڕەیەك هێنرا ولە بان سەری دانرا هەتا سەری کرا بە دوو کەرتەوە، پاشان هاودەمەکەی پادشا هێنرا، پێی ووترا: لە دینەکەت پاشگەز ببەرەوە ئەویش ڕازی نەبوو، هەڕە لە بان سەری دانرا وسەری ئەویشی کرد بە دوو پارچەوە، ئینجا منداڵەکەیان هێنا و پێی ووترا لە دینەکەت پاشگەز ببەرەوە، ئەمیش ڕازی نەبوو، دایە دەست کۆمەڵێك لە پیاوەکانی و ووتی ببەن بۆ شاخێک و لەوێ سەریبخەن بۆ سەر شاخەکە، کە گەیشتنە لوتکەکەی، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە، ئەگەر نا فڕێیبدەنە خوارەوە، ئەوانیش بردیان و بە شاخەکەدا سەریان خست، (منداڵەکە) ووتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە. شاخەکە کەوتە لەرزین ئەوان کەوتنە خوارەوە، ئەمیش هاتەوە بۆ لای پادشا، پادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان کرد؟ ووتی: خوا لە کۆڵمی کردنەوە، ئەویش دایەوە دەست چەند کەسێکی دیکە لە پیاوەکانی و ووتی: بیبەن لە بەلەمێکدا هەڵیبگرن تا دەگەنە ناوەڕاستی دەریاکە، ئەگەر لە دینەکەی پاشگەز بوویەوە باشە ئەگەر نا فڕێیبدەنە ناوی، ئەوانیش بردیان، ئەویش ووتی: خوایە چۆن دەتەوێت ئەمانەم لە کۆڵبکەرەوە، بەلەمەکە قلْپ بوویەوە و هەموو نوقم بوون و ئەویش (پاش ئەوەی دەربازی بوو) هاتەوە بۆ لای پادشا، پادشا پێی ووت: هاوەڵەکانت چییان لێهات؟

ووتی: خوا لە کوڵمی کردنەوە، ئینجا بە پادشای ووت: تۆ ناتوانیت من بکوژیت، هەتا چیت پێدەڵێم ئەوە دەکەیت، ووتی: ئەوە چییە؟ ووتی: خەڵکی هەموو لە یەك گۆڕەپاندا کۆ بکەرەوە و بم بەستە بە دارخورمایەکەوە، پاشان تیرێك لە تیردانەکەم دەربهێنە، وتیرەکە بخەرە ناو جەرگەی کەوانەکەوە و پاشان بڵێ: بە ناوی خوای پەروەردگاری منداڵەکە و دوای ئەوە تیرەکەم تێبگرە، ئەگەر تۆ ئەمەت کرد، ئیتر دەمکوژیت، ئەویش هەموو خەڵکی لە یەك خاکدا کۆکردەوە و لەسەر لقی دارخورماکە منداڵەکەی بەستەوە، وپاشان تیرێکی لە تیردانەکەی هەڵگرت، وخستیە ناوجەرگەی کەوانەکەوە، و ووتی: بە ناوی خوا، پەروەردگاری منداڵەکە، تیرەکەی تێگرت، بەر لایەکی سەری (لاجانگی) کەوت، دەستی نایە سەر شوێنی تیرەکە ومرد، خەڵکی هەموو ووتیان باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، باوەڕمان هێنا بە پەروەردگاری منداڵەکە، پیاوێک هات بۆ لای پادشا و پێی ووت: ئایا دەزانیت ئەوەی لێی دەترسایت سوێند بە خوا ئەمڕۆ ڕوویدا، خەڵکی تازە باوەڕیان هێنا، ئەویش فەرمانی دەرکرد بە چاڵکردن (لەغەم لێدان)، لەسەر کوچە و کۆڵانەکان چاڵکرا (لەغەم لێدرا) و ئاگریان تێدا کرایەوە و (پادشاکە) ووتی: هەرکەسێک لە دینەکەی پاشگەز نەبوویەوە بیسوتێن تیایدا، یان پێی بووترێت خۆتی تێ فڕێبدە، ئەوانیش وایان کرد، هەتاوەکو تەنانەت ژنێك هات منداڵێکی خۆی پێ بوو، سڵی کرد وترسا لەوەی خۆی تێ فڕێدا، منداڵەکەی پێی ووت: دایە ئارام بگرە، چونکە بەڕاستی تۆ لەسەر هەقی».

[صەحیحە] [موسلیم گێڕاویەتیەوە]

ئەم فەرموودەیە چیرۆکێکی سەیری تێدایە: ئەویش ئەوەیە پاشایەک لەوانەی پێشوودا ساحیرێکی هەبوو وەکو ڕاوێژکاری خۆی دانابوو؛ بۆ ئەوەی بۆ بەرژەوەندییەکانی خۆی بەکاریبهێنێت، ئەمیش دەریدەخات کە ئەم پادشایە کەسێکی سەرکوتکەر وستەمکارە ودەیەوێت خەڵکی بکات بە کۆیلەی خۆی، کاتێک ساحیرەکە تەمەنی گەورە بوو بە پادشاکەی ووت: من تەمەنم گەورە بوو کوڕێکی منداڵێکم بۆ بنێرە بۆ ئەوەی فێری سیحری بکەم، کوڕێکی منداڵی هەڵبژارد چونکە زوو فێر دەبن وتەمەنیان زۆر ماوە وشتیان لە بیر ناچێتەوە بە ئاسانی، بەڵام خوای گەورە خێری ویست بۆ ئەو کوڕە منداڵەی کە هەڵبژێردرا، ڕۆژێکیان غوڵامەکە -کوڕە منداڵەکە- بە لای خواناسێکدا تێپەڕی کە خەریکی خودا پەرستی بوو، وگوێی بۆ گرت وقسەکانی بە لاوە جوان بوو، چونکە کەسی خواپەرست تەنها قسەی خێر وچاکە دەکات، لەوەیە خواناسێکی زانا بێت بەڵام لایەنی خودا پەرستیەکەی زیاترە بۆیە بە خواناس -ڕاهیب- ناودەبرێت، ئەگەر منداڵەکە لەماڵەوە دەربچوایە دەهات بۆ لای خواناسەکە ودوا دەکەوت لە ڕۆیشتن بۆ لای ساحیرەکە، وساحیرەکە لێی دەدا، بۆچی دوا دەکەویت؟ وغوڵامەکە سکاڵای ئەمەی هێنا بۆ لای خواناسەکە بۆ ئەوەی ڕێنموێنی بکات بۆ شتێک بۆ ئەوەی بەهۆیەوە ڕزگاری ببێت، ئەویش ووتی: ئەگەر چوویت بۆ لای ساحیرەکە وترسایت لەوەی سزات بدات بڵێ: ماڵەوە دوایان خستم، وئەگەر گەڕایتەوە بۆ ماڵەوە بڵێ: ساحیرەکە دوای خستم؛ بۆ ئەوەی ڕزگارت ببێت، خواناسەکە -خوداش زاناترە- دەزانێت کە ئەمە درۆیە بەڵام لەوەیە پێی وابێت کە ئەم درۆیە خراپەکەی کەمترە لە خراپەی سزاکان بۆ سەر منداڵەکە، یان مەبەستی تەوریە کردن بوو، وغوڵامەکەش ئەمەی ئەنجامدا وەدەهات بۆ لای خواناسەکە ولێی دەبیست وپاشان دەچوو بۆ لای ساحیرەکە، وئەگەر لای ماڵەوە یان لای ساحیرەکە دوا بکەوتایە ئەو قسەی دەکرد کە خواناسەکە پێی ووت، جارێکیان غوڵامەکە بە لای شێرێکی گەورە تێپەڕی کە ڕێی لە خەڵکی دەگرت ونەیان دەتوانی لە ترسی شێرەکە تێپەڕ ببن، بۆیە منداڵەکە ویستی تاقیکردنەوەیەک بکات؛ ئایا خواناسەکە ڕاست دەکات یان ساحیرەکە، بۆیە بەردێکی گرتە دەست وداوای لە خوای گەورە کرد کە ئەگەر خواناسەکە ڕاست دەکات ئەوا بەم بەردە ئەو ئاژەڵە بمرێت، بۆیە بەردەکەی فڕێدا وئاژەڵەکەی کوشت، وخەڵکی تێپەڕ بوون، وغوڵامەکە زانی کە خواناسەکە باشە وڕاست دەکات ولەسەر خێرە نەک ساحیرەکە، وئەم ڕووداوەی بۆ خواناسەکە گێڕایەوە، وئەویش پێی ووت: تۆ ئەمڕۆ لە من باشتری، گەیشتوویتە بەو پلەیەی کە دەیبینم وتۆ تووشی تاقیکردنەوە دەبیت وئەگەر تووش بوویت ئەوا باسی من نەکەیت لە لای ئەوان، ومنداڵەکە کوێری زگماکی وبەڵەکی وزۆر نەخۆشی تری چاکدەکردەوە بە ئیزنی خوای گەورە، هاودەمێکی پاشا کە زۆر جار لە لای دادەنیشت کوێر بوو، ودیاریەکی زۆری بۆ غوڵامەکە هێنا وپێی ووت: ئەم هەموو دیارەیە بۆ تۆ ئەگەر شیفام بدەیت، ومنداڵەکە ووتی: من شیفای کەس نادەم، خوای گەورە شیفا دەدات، ئەگەر باوەڕ بە خودا بهێنیت ئەوا نزا دەکەم کە خوای گەورە شیفات بدات، وپیاوەکەش ئیمانی هێنا وخودا شیفای دا، وباوەڕی بە خودا هێنا وکوفری بە پەرستنی پادشاکە دەکرد؛ هێنرا بۆ لای پاشا وداوای لێکرد کە پەشیمان بێتەوە لە دینەکەی بەڵام پیاوە ئیماندارەکە ڕەتی کردەوە، وپاشان منداڵەکە وخواناسەکەش هێنران وهەموویان ڕەتیان کردەوە پەشیمان ببنەوە لە دینەکەیان، بۆیە بە هەڕە لە تەوقی سەری پیاوەکە وخواناسەکەوە لاشەیان کرا بە دوو لەتەوە، بەڵام منداڵەکەیان نەکوشت، وئەمیش بەڵگەیە لەسەر ئەوەی مرۆڤ پێویستە لە پێناو خوای گەورە ئارام بگرێت لەسەر دینداری ئەگەر هەرچیەکی بەسەردا هات، پاشان پاشا بە

پیاوەکانی ووت: بیبەن بۆ سەر لوتکەی شاخێک ئەگەر پەشیمان بووەوە لە دینەکەی باشە ئەگەر نا ئەوا فڕێی بدەنە خوارەوە ومنداڵەکە ووتی: خودایە بە هەرشێوەیەک خۆت دەتەوێت لەناو ببە، وشاخەکە تووشی هەژاندن هات وپیاوەکان کەوتنە خوارەوە، ومنداڵەکە هات بۆ لای پادشا وپێی ووت: کوان هاوڕێکانت؟ ئەویش (منداڵەکە) ووتی: خوای گەورە لە ناوی بردن، وپاشان پاشا بە کۆمەڵێک پیاوی تری ووت: منداڵەکە ببەن بۆ ناو بەلەمێک لە ناوەڕاستی دەریادا ئەگەر پەشیمان بووەوە لە دینەکەی باشە ئەگەر نا ئەوا فڕێی بدەنە نێو دەریاکەوە، وبردیان ومنداڵەکەی ووتی: خودایە بە هەرشێوەیەک خۆت دەتەوێت لەناو ببە، وبەلەمەکە هەڵگەڕا وئەوان نقووم بوون، ومنداڵەکە گەڕایەوە بۆ لای پاشا، وپێی ووت: کوان هاوڕێکانت؟ ئەویش (منداڵەکە) ووتی: خوای گەورە لە ناوی بردن، وبە پاشای ووت: ناتوانیت من بکوژیت هەتاوەکو ئەوەی من پێت دەڵێم دەبێت جێبەجێی بکەیت، پاشا ووتی: چییە؟ منداڵەکە ووتی: خەڵکی هەموو کۆ بکەیتەوە لە یەک شوێندا و لەسەر دارێک بمبەستەرەوە، وپاشان تیرێک ببە لە تیردانەکەم کە تیرەکانمی تێدا دادەنێم، وتیرەکە بخەرە ناوەڕاستی کەوانەکەوە وپاشان بڵێ: بەناوی خودا پەروەردگاری ئەم منداڵە، وپاشان تیرەکە بوەشێنە، ئەگەر وا بکەیت ئەوا دەمکوژیت، بۆیە پاشا هەموو خەڵکی کۆ کردەوە لە یەک شوێندا ومنداڵەکەی لەسەر دارێک بەستەوە وتیرێکی هێنا لە تیردانی منداڵەکە، وتیرەکەی خستە نێو کەوانەکەوە و ووتی: بەناوی خودا پەروەردگاری ئەم منداڵە وهاویشتی وتیرەکە بە سەری منداڵەکە کەوت ومرد، خەڵکی ووتیان: باوەڕمان هێنا بە خوای منداڵەکە، وکۆمەڵێک لە پیاوانی هاتن بۆ لای پادشا و ووتیان: ئایا هەواڵت پێبدەین سەبارەت بە ئەوەی لێی دەترسایت؟ والله ئەوەی لێی دەترسیایت ڕوویدا، وهەموو خەڵکی باوەڕیان هێنا، بۆیە پاشا فەرمانی کرد بەوەی چاڵ بکەن لە ڕێگاکاندا وئاگری تێدا بکەنەوە، وبە پیاوەکانی ووت: هەرکەسێک لە دینەکەی هەڵنەگەڕایەوە ئەوا فڕێی بدەنە نێو چاڵەکەوە، یان پێیان بڵێن: خۆت فڕە بدە نێو ئەو چاڵەوە، وئافرەتێک هات ومنداڵێکی لەگەڵدا بوو، ودوا کەوت لەوەی خۆی تێ فڕێبدات بەهۆی ڕەحمەتی بەرامبەر منداڵەکەی، بەڵام منداڵەکەی پێی ووت: ئەی دایە ئارام بگرە چونکە تۆ لەسەر هەقی.

https://sunnah.global/hadeeth/ku/show/3303

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC
E-Da'wah Committee